سەرۆك وەزیران پێشوازی لە سەرۆکی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کرد

ئەمڕۆ شەممە محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی لە سەرۆکی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کرد وجەختی لەسەر پێویستی شارەزایی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بۆ یاسادانان بەیاسای نوێیی یەکێتییەکان.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە : محەممەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی لە سەرۆکی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی جیلبەرت هەنگبۆ کرد.

لە میانی دیدارەکەدا سەرۆك وەزیران پێشوازی لە سەردانەکەی هەنگبۆ بۆ عێراق کرد، بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی کاری عەرەبی کە بەغدا میوانداری دەکات، بەو پێیەی نوێنەرایەتی یەکەم سەردانی سەرۆکی ڕێکخراوەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەو وڵاتە دەکات، جەختیشی کردەوە کە عێراق یەکێکە لە یەکەم وڵاتەکانی ناوچەکە کە پەیوەندی بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارەوە کرد، و کە لە ساڵی 1932دا.

سودانی گفتوگۆی کرد لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوەکە، هاوکاری پەرەپێدانی ژینگەی کار لە عێراق، ئاماژەی بە هەنگاوەکانی حکومەت لە پاڵپشتیکردنی بارودۆخی کرێکاران لە ڕێگەی یاسا و یاسادانان، لەوانەش یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران، کە بووە ساڵی ڕابردوو پەسەند کرا.

دووپاتیشی کردەوە : پێویستی شارەزایی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار بۆ یاسادانانی یاسایەکی نوێ بۆ

کاری سەندیکا، هەروەها پێویستی ئەو یاسایە لە بواری ڕاهێنان و بڕوانامە و دامەزراندنی سەنتەری ڕاهێنان لە عێراق.

لای خۆیەوە هەنگبۆ ستایشی ئەو پێشکەوتنانەی کرد کە حکومەتی سودانی بەدەستیهێناوە لە بواری پاڵپشتیکردنی ژینگەی بازرگانی، و گرنگیدان بە کەرتی کار و کرێکارەکانی، لەڕێگەی هاندانی بوارەکانی وەبەرهێنان و گرنگیدان بە کرێکارانی کەرتی تایبەت.